# نەبوونی هۆڵی تایبەت بە یاری جیمناستیک لە کوردستان


**ئاستی یاری جیمناستیك لە کوردستان تاکو ئێستا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کەشایەنی باس کردن بێت. هۆکاری پاشکەوتنیشی دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری نەبوونی کەل و پەلی پێویست بۆ راهێنان ونەبوونی هۆڵی مەشق کردن، بەڵام لەکوردستان ئارەزوومەندێکی زۆری ئەم یارییە هەیە، ئێمەش بۆ زیاتر ئاشنابوونی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان ئەم راپۆرتەمان ئەنجامدا.**



لە بارەی ئاستی یاری جیمناستیك و کێشەکانی (کامەران شەهاب) راهێنەری جیمناستیکی هەڵبژاردەی هەولێر وتی «ئەوەی راستی بێت، ئاستی یاری جیمناستیك نەك لە کوردستان بگرە لە هەموو عێراق دابەزیوە، ئێمە لە کوردستان دەژین، شوێنێکی زۆر ئارامە و پشتگیرییەکی زۆرباشمان هەیە لە رووی مادییەوە، بەڵام ئێستا ئاستی هەموو یارییەکان دابەزیوە، بە تایبەتی یاری جیمناستیك لە هەموو یارییەکان جیاوازترە، هۆکاری دابەزینی ئاستیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوانەی کە لەسەرەوە کاردەکەن لە لیژنەی ئۆلۆمپی کە بایەخ بە یارییە تاکەکان نادەن، تەنیا گرنگی بە تۆپی پێ دەدەن و تۆپی پێیان کردۆتە شتێکی زۆر بەرز و ئەوانیش ئە نجا مێکی بەرچاویان نەبووە کە شایەنی با سکر د نی خەڵك بێت، کاتی خۆی یاریگاکان



**کامەران شەهاب**



**عەبدول ڕەحمان ئادەم**



**عەلی ئەسعەد**

پڕ خەڵك دەبوو، ئێستاش هاندەرکانیشی لە تۆپی پێ بوونەتەوە، لە بارەی کێشەکانی جیمناستیکیش وتی «ئێمە کێشەمان گەلێك زۆرە، نەبوونی هۆڵێك بۆ مەشقەکانمان، شوێنێکمان نییە کەوا پاڵەوانتیەکی لێ ئەنجام بدرێت، شەرمەزاری گشت لایەك بووینە.

(عەبدولڕەحمان ئادەم) سکرتێری یەکێتی جیمناستیکی کوردستان لەم بارەوە وتی «ئاستی یاری جیمناستیك لە کوردستان لە ئاستێکی مام ناوەندی دایە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا لە کوردستان هۆڵێکی تایبەت بەم یارییە نییە، کادیری جیمناستیك کەمە و ئامێرەی وەکو پێویستمان نییە و تەواوی ئامێرەکانمان کۆنن و پشتگیریمان وەکو پێویست نییە، کێشەی هەرە گەورەی ئێمە هۆڵێکی تایبەتە، هەرچەندە هەوڵمان داوە هۆڵێك دابین بکەین، بەڵام بۆمان ناکەن، هۆڵ هەیە، بەڵام تایبەت نییە بەخۆمان هۆڵێکمان هەیە زۆر بچووکە بەکەڵکی ئەوەنایەت پاڵەوانتی لێ ئەنجام بدرێت، وتیشی ئەگەر بمانەوێ ئەم یارییە پێشبخەین، دەبێت هۆڵێکی تایبەت بەخۆمان دروست بکەین و ئامێری پێشکەوتوومان هەبێت و خولی نێودەوڵەتی بکرێتەوە بۆئەوەی ناوبژیوانان بتوانن بەشداری خولەکان بکەن.

(بێلاڤ سەرکەوت) یاریزانی یانەی قەڵا وتی «ئاستی ئەم یارییە ئێستا لەکوردستان لەو ئاستە نییە کەوا شایەنی باسکردن بێت، لە ئاستێکی مامناوەندی دایە، کێشەوگرفتی ئێمە نەبوونی هۆڵێکی تایبەت و نەبوونی ئامێری پێشکەوتووە بۆمەشقەکانمان، ئەوەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئاستمان. وتیشی هاوکاریکردنی یاریزانان لەلایەن یانەکانیان بەو شێوەیە نییە کە جێگەی ڕەزامەندی یاریزانان بێت. وتیشی ئەگەر پاڵەوانتی زیاتر بکرێتەوە ئاستمان باشتر دەبێت و ئاستی یارییەکەش لە کوردستان بەرز دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر پاڵەوانتی کەم بکرێتەوە بەچی ئاستی یارییەکە بەرز دەبێتەوە.

(هیوا بیعفەر) یاریزانی جیمناستیکی لە وڵاتی ئێران وتی «لەوەتەی من هاتوومە بۆ کوردستان لە شاری هەولێر ئاستی ئەم یارییەم بە بەرزی نەبینیوە، بەڵام لە وڵاتی ئێران ئاستی یاری جیمناستیك زۆر بەرزە لەچاو ئێرە، لێرە گرفتی نەبوونی هۆڵ هەیە، ئەگەر ئەم گرفتە چارەسەر بکرێت، ئاستی ئەم یارییە بەرز دەبێتەوە. بەهیواشم ئەم گرفتانە چارەسەر بکرێت، بۆئەوەی ئاستی یاری جیمناستیك لە کوردستان بەرز بێتەوە.

(عەلی ئەسعەد) ڕاهێنەری یانەی ئارارات لەبارەی ئاستی یارییەکە لە کوردستان وتی «ئاستی ئەم یارییە زۆر بەرزە لە کوردستان، بەڵام ئێمە هەندێك کەموکوڕیمان هەیە وەکو نەبوونی هۆڵی تایبەت بە یاری جیمناستیك و نەبوونی ئامێر نوێ بۆ مەشقەکانمان، ئێمە مەشقەکانمان لە هۆڵی زەرد دەکەین، بەڵام هۆڵەکە وەکو پێویست نییە و ئەگەر هۆڵێك بکرێتەوە تایبەت بەم یارییە دەبێتە هۆکار بۆ پێشکەوتنی ئەم یارییە.





## عومەر سەلیم ڕاهێنەری تیپی کچانی (لن وت) لە وڵاتی کەندا

# باشتر وایە بۆ دروستکردنی یاریزان لە شاری هەولێر ڕاهێنەری وڵاتی سۆڤێت بهێنن

**عومەر سـەلیم ناسـراوە بە عومەر سـەر چێڵ یەکێك بووە لە یاریزانە بەتواناکانی یانەی هەولێر، ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٤ی شاری هەولێرەو ماوەیەکی زۆر لە خزمەتی وەرزشی کوردستان دا بووە، ماوەیەکی زۆریشە لە وڵاتی کەنەدا ژیان بەسەر دەبات. ڕاهێنەری کچانی لن وتە، لە هەولێر ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

*** ئەگەر باسێکی سـەرەتای دەستپێکی ژیانی وەرزشی خۆت بکەیت؟**

- لە سـاڵانی ٧٢و٧٣یانەی برایەتیمان هەبوو و لە تیپـە میللیەکانیش لە تیپی ئەتلەس دەسـتم بەوەرزش کردووە و لە تیپـی تەعجیلیش یاریزان بوویمـە و لە پاش سـاڵی ٧٣ یانەی تەئاخیمان دامەزرانـد لەیەکەمین خولی عێراقی لە سـاڵی ٧٤ بەشـداریمان کرد وەکو یانـەی هەولێر، بەڵام ژمارەیەك یاریزان یانەکەیان جێهێشـت، لەسـاڵی ٧٥بەفەرمی چوومە یانەی هەولێر و بەشـداری خولی عێراقمان کرد کە ١٨تیپ بەشداربوون. بەڵام لە کۆتاییەکان ژمارەیەك یاریزانی تیپی شـورتە یانەکەیان جێهێشـت و گـەورەتریـن چـا نسـما ن لـەدەسـتچوو، پاشـان لە یانەی هەولێـر مامەوە بەشداری خولی پلە دووەکانمان کرد وەکو ئێسـتا نەبوو، پێشـتر کە ئـەو هەموو شـتەمان بۆدابین بکرێت، لە سـاڵی ٧٩ڕاهێنـەری یانەی زەورا بـووە ڕاهێنەری یانەی هەولێر سـعدی سـاڵح من نامەوێ ڕۆڵی هەریەك لە مەحمەد خەلیل و مەحمەد عوسـمان و خەسرۆ فەندی و مەحمەد مەولود ناسـرە فەندی لە ساڵی ٧٠چووەمە موسڵ لەگەڵ تیپی زانکۆ بەشداربووم لەگەڵ یانەی موسڵ یاریم کرد ئەو ڕاهێنەرە شتی باشـی بۆئێمە کرد لەگەڵ هەڵبژاردە، لە سـاڵی هەشتاکان باشـترین تیپ بووین لەگەڵ کەرکوك و موسڵ و تیپەکانی تر ململانێمان دەکرد، ئێستا من دەبینم هەولێر هیچ یاریزانێکی کوردی تێدانییە و لە کۆتایی ساڵی ٨٦ دوایین یاریم لەگەڵ تیجارە کرد و چوومە هاندەران.

***وەرزش لـە نێـوان دوێنێ و ئەمـڕۆ چۆن لێك دەدەیتەوە، لە کاتی خۆی باشتر بوو یان ئێستا؟**

-لەکاتی خۆی لەسـەر ئەرکی خۆمان وەرزشـمان دەکرد، ئێمە هەموو لەسـەر خۆمـان کە هاتبووینە نێو وەرزش یان کە وەرزشـمان دەکرد، ئەو شـتانەی ئێستا هەیە ئەوکات نەبوو، ئێمە ململانێمان لەگەڵ یاریزانانی بەغدا دەکرد، بەڵام ئێسـتا یارمەتی زۆر هەیە بـۆ یاریزانان لەگەڵ بوونی بۆند هەیە، بەڵام ئەو ئاستەیان نییە، ڕاسـتە یانەی هەولێر لە پلەی نایـاب یاری دەکات، بەڵام هەمـوو یاریزانەکانیان لە دەرەوە هێناوە من هـەر چەندە خێزان و کوڕەکەم کەنەدین، بەڵام هەموو ساڵ هاتوومەتەوە کوردستان و سەردانی یانەی هەولێرم کردووە.

*** ماوەیەك پێش ئێسـتا سەردانی شاری هەولێرت کرد، ڕۆژانە سـەردانی یانەی هەولێرت دەکرد، کە تیپـی تازە پێگەیشـتوان و لاوان و تیپی دووەمیان هەیە، کەچـی یاریزانی کورد بەدەگمەن دەبینی لە خەتی دووەم تۆ چی دەڵێی؟**

-من ئەوەم پێ سـەیرە، بە دکتۆر عەبدوڵڵام وت بۆ نایێت شـانس بدەیتە ئـەو کوردانەی خەتی دووەم، چونکە مـن ڕاهێنانیان لەگەڵ دەکەم یاریزانی زۆر باشی تێدایە، بەڵام با دووساڵ ئەنجامامان نەبێت خۆ یاریـگا پڕدەبێت. یەك دوو یاریزانی باش دەهێنم لە یاریزانی هەڵبژاردە، بەڵام ئـەوان دەڵێن ئەنجامامان دەوێت.

*** تۆ لەدەرەوە هاتیتەوە خاوەنی کۆمەڵێك بڕوانامەی، بۆخولێك ناکەیتەوە؟**

-مـن وازم لە تۆپی پێ نەهێناوە، ئێسـتاش یاری دەکـەم، دەتوانم وەکو شـارەزایەك هەمـوو خولێك بکەمەوە و ئەزموونێکی زۆرم هەیە، تا ئێسـتا وازم لە وەرزش نەهێناوە، سەرتاسـەری ژیانم هەر وەرزش بـووە، دەتوانم بێمە کوردسـتان خولیش بکەمەوە و یارمەتی یانەکانی کوردسـتان بدەم خۆشم خەڵکی شاری هەولێرم.

*** یادگاریـت چییە لەگەڵ نەجات عەبدولواحید و عەونی سەید ئەحمەد و عەلی حەسەن؟**

-خۆشـترین یادگاریمان لەگەڵ ئەوانـە بوو ئێمە وەکـو برا وابووین لـە هەموو وەرزشـێك بەیەکەوە بووین سێکوچکە بووین، هەر بێمەوە لەگەڵیان





کۆدەبمەوە.

***لە وڵاتی کەنەدا چۆن درێژەت بە ژیانی وەرزشیت دەدەیت؟**

-لە دەرەوە زۆر کات هەیە بۆ وەرزش کردن، لەوێ تیپمان هەیە لە ٤٥ساڵی بەسەرەوە و تیپێکی ترمان هەیە لە ٥٥ساڵ بەسەرەوە، یاریزانمان هەیە تەمەنی ٧٠ساڵ بەسەرەوەیە، حەز دەکەم ئەو وێنەیە بهێنمەوە کوردستان و پیشانی ئەو گەنجانەی خۆمان بدەم کە تەمەنیان دەگاتە ٣٤ساڵ بۆ وایان لێدێت، کەسەیریان دەکەی دەڵێی قەت وەرزشیان نەکردووە، ئێستا تەمەنم نزیکەی ٥٦ساڵە لەگەڵ یانەی هەولێر رۆژانە مەشقم دەکرد.

***هۆکاری چییە ئەوەندە دێیتەوە هەولێر و دەچیتەوە کەنەدا؟**

-دەستم لە هەردوولا بەرنابێت، لەوێ خێزان و کورەکەم کەنەدین و کارێکی زۆرباشم هەیە و سەرمایەیەکی باشم هەیە، لێرەش برادەران و خزمم لێرەیە و شاری خۆمە، ئێستا سەدا ٧٠ی ژیانم بۆتە کوردستان لە سەدا٣٠بۆتە دەرەوە نزیک بویمەوە بێمەوە کوردستان.

***بەنیازی بێیتەوە بە یەکجاری، بەرنامەت دەبێت بۆ وەرزشی کوردستان؟**

-من نیازی ئەوەم هەیە بێمەوە کوردستان وەکو شارەزایەك، چونکە زمانی ئینگلیزی باش دەزانم و دەمەوێ بۆ یانەی شارەکەی خۆم پێوەندی لەگەڵ یانەکانی ئەوروپا دروست بکەم، دەتوانم راهێنەری بیانی بهێنم بۆ کوردستان.

***هەست ناکەی لە کوردستان قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان نییە؟**

-نەخێر بە هیچ شێوەیەك نییە تا ئێستا نەمبینیوە تەنیا گوێم لێ بووە گلەیی لە بەرپرسانی وەرزشی دەکەم بۆچی قوتابخانە ناکرێتەوە ئەو هەمووە پارەیە سەرف دەکەن با بێن چەند راهێنەرێکی وڵاتانی سۆڤیەت بهێنن نرخیان هەرزانە و دەشتوانن یاریزان دروست بکەن.

***بە بۆچوونی تۆ ئاستی وەرزش لە کوردستان لە چ ئاستێکە؟**

-بە بۆچوونی من دابەزیوە ئەگەر باری عێراق بگۆرێت یەك یاریزانی عەرەب ناهێتە یانەکانی کوردستان یاری بکات. بۆتیپەکانی خۆیان یاری دەکەن، ئێمە ناگەینە تیپەکانی پلە دوو و سێیەکانی ئەوانیش.

***حەزدەکەی لەگەڵ یانەکانی کوردستان کاربکەی؟**

-بێگومان بە هیوای ئەوەم خزمەتی وەرزشی شارەکەم بکەم.



# وەرزشوانە دێرینەکان و مامۆستایانی وەرزشی زانکۆ رێزیان لێنرا



هەفتەی رابردوو لە دوو مەراسیمی قەشەنگدا چاودێری رۆژنامەنووسانی وەرزشی جیهانی دکتۆر کامەران رەهبەری رێزی لە وەرزشوانە دێرینەکان و مامۆستایانی وەرزشی لە زانکۆی سەلاحەدین نا.

لە هۆڵی پێشەوا لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دکتۆر کامەران رەهبەری رێزی لە زیاتر لە ٣٢٠ وەرزشوانی دێرینی شاری هەولێر نا، لەم مەراسیمەدا وەرزشوانە دێرینەکانی شاری هەولێر تەئکیدیان لەوە کردووە، کە دەبێت زیاتر بایەخ بە وەرزشوانە دێرینەکان بدرێت لە لایەن پەرلەمانی کوردستان و گشت لایەنە پێوەندارەکان.

لە هۆتێلی چوار چرا دکتۆر کامەران رەهبەری چاودێری رۆژنامەنووسانی وەرزشی جیهان رێزی لە گشت مامۆستایانی وەرزشی لە زانکۆی سەلاحەدین نا، لەم مەراسیمە چەندین کەسایەتی بەشدارییان تیادا کرد، دکتۆر کامەران رەهبەری لە لێدوانێکیدا وتی: ئەم رێزلێنانە دیارییەکی زۆر بچووکە بۆ ئەم مامۆستایانە، کە نەوەیەکی وەرزشوان و مامۆستا بۆ کوردستان پێ دەگەیەنن.

هەر لەم مەراسیمەدا دکتۆر کامەران رەهبەری موژدەیەکی دا بە رۆژنامەنووسانی وەرزشی و وتی: لەم نزیکانە ٧ رۆژنامەنووسی وەرزشی لەسەر بودجەی تایبەتی خۆم بەرەو وڵاتی قەتەر دەنێرم بۆ ئەوەی بتوانن پاڵەوانیەتی جامی نەتەوەکانی ئاسیا رووماڵ بکەن و هەروەها ٤ رۆژنامەنووسی وەرزشی بۆ شاری لەندەن دەنێرم بۆ ئەوەی ئۆلۆمپیادی ٢٠١٢ رووماڵ بکەن.



# باشترین پێکهاتەی جیهان بۆ ساڵی ٢٠١٠ ئاشکرا کرا

هەفتەی رابردوو یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی باشترین پێکهاتەی بۆ ساڵی ٢٠١٠ لەسەر ئاستی جیهان ئاشکرا کرد، کە تیاییدا لە سەرەتادا لیستەکە لە ٥٥ یاریزان پێکهاتبوو دواتر لیستەکە بووە ١١ یاریزان، ئەم پێکهاتەیە لە ٥ یاریزانی یانەی بەرشلۆنە و دوو یاریزانی ریال مەدرید و دوو یاریزانی بایەرن میونیخ و دوو یاریزانی ئەنتەر میلان پێکهاتووە، کە بەمشێوەی خوارەوەیە.


گۆڵچی: ئیکەر کاسیاس (ریال مەدرید)

هێڵی بەرگری: فلیپ لام (بایەرن میونیخ)، جیرارد بیکیە (بەرشلۆنە)، کارلۆس پیول (بەرشلۆنە)، مایکۆن (ئەنتەر میلان).

هێڵی ناوەڕاست: باستیان شڤانشتایگر (بایەرن میونیخ)، چاڤی هێرناندێز (بەرشلۆنە)، ویسلی شنایدر (ئەنتەر میلان)، ئەندریاس ئەنێستا (بەرشلۆنە).

هێڵی هێرشبەر: لیونێل مێسی (بەرشلۆنە)، کریستیانۆ رۆناڵدۆ (ریال مەدرید).





# ئەمیر خان پارێزگاری لە نازناوەکەی دەکات لە یاری بۆکسێن

یاریزانی بەریتانی ئەمیر خان توانی پارێزگاری لە نازناوەکەی بکات دوای ئەوەی لە یاری لەسەر پشتوێن و نازناوی پاڵەوانی یەکێتی بۆکسێنی جیهانی لە ویلایەتی لاس ڤیگاسی ئەمریکی توانی لە یاریزانی ئەرژەنتینی مارکۆس مەیداناى بردەوە.

لە یارییەکی بەهێزادا ئەمیر خانی پاڵەوان لە کێشی سووك توانی بە کۆی دەنگی ناوبژیوانان سەرکەوتن بە دەستبهێنێت و پارێزگاری لە نازناوەکەی بکات.

دوای کۆتایی هاتنی یارییەکە ئەمیر خان وتی: یاریزان مەیدانا یاریزانێکی بە تواناو بەهێزە، بەڵام توانیم زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ بکەم و سەرکەوتن بە دەستبهێنم، ئەمەش ئاست بەرزی من نیشان دەدات.







# نادال و ڤۆزنیاکی باشترین یاریزانی جیهانن لە یاری تێنسی سەر زەوی

هەفتەی رابردوو یەکێتی تێنسی سەر زەوی جیهانی باشترین یاریزانی جیهان بۆ ساڵی ٢٠١٠ لەسەر ئاستی کوڕان و کچان ئاشکرا کرد.
کە تیایدا لەسەر ئاستی کوڕان یاریزانی ئیسپانی رافائێل نادال باشترین یاریزان لەم وەرزە دەستنیشان کرا، نادال تەمەن ٢٤ لەم وەرزە توانی چەندین پاڵەوانیەتی بە دەست بهێنێت و ئەمە دووەم جارە ئەم نازناوە وەردەگرێت.
لەسەر ئاستی کچان کچە یاریزانی دانیمارکی کارۆلین ڤۆزنیاکی بە باشترین یاریزان لەم وەرزە دەستنیشان کرا بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا، ڤۆزنیاکی تەمەن ٢٠ ساڵ لەم وەرزە چەندین پاڵەوانیەتی بە دەستهێنا وەکو پاڵەوانیەتیەکانی (بۆنتی ڤیدرابینچ ئەمریکا، کۆپنهاگن، مۆنتریال، نیوهایڤن ئەمریکا، تۆکیۆ، پکین).
هەروەها یەکێتی تێنسی سەر زەوی جیهانی هەردوو برا جمکی ئەمریکی بۆب و مایك براین بە باشترین دوو دوانە لەسەر ئاستی کوڕان دەستنیشان کران، ئەمە ٧یەمین جارە لەسەر یەکدی ئەم دوو برا جمکە ئەم نازناوە بە دەست دەهێنن، ئەمەش ژمارەی پێوانەییە و هەردوو کچە یاریزانی ئەرژنتینی جیزیلا دۆلکۆ و ئیتاڵی فلافیا بینیتا بە باشترین دوو دووانە لەسەر ئاستی کچان دەست نیشان کران.

## ئیکەر کاسیاس خەڵاتی دەستی زێڕینی وەرگرت

دوای ئەوەی لە مۆندیالی ٢٠١٠ ئیکەر کاسیاس بە باشترین گۆڵچی لەم مۆندیالە دەست نیشان کرا، هەفتەی رابردوو لە وڵاتی ئەڵمانیا یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی خەڵاتی دەستی زێڕینی بەخشیە گۆڵچی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی ریال مەدرید ئیکەر کاسیاس لە ئاهەنگێکی قەشەنگدا، کە تیایدا فرانز پکینپاوەر ئەفسانەی تۆپی پێی ئەڵمانیا ئامادەی بوو دوای وەرگرتنی خەڵاتەکەی ئیکەر کاسیاس وتی:
زۆر خۆشحاڵم بە بەدەستهێنانی ئەم خەڵاتە دوای ئەوەی لە مۆندیالی رابردوو ئاستێکی بەرزمان پێشکەش کرد، ئەمەش شانازییەکی گەورەیە بۆم کە توانیم جامی جیهانی لەگەڵ وڵاتەکەم بە دەستبهێنم.
جێگەی باسە ئیکەر کاسیاس لە حەوت یاری لە مۆندیال تەنیا دوو گۆڵی لێ تۆمار کرا.
هەر لە درێژەی ئاهەنگەکدا باشترین یاریزانی مۆندیالی ٢٠١٠ دیگۆ فۆرلان یاریزانی هەڵبژاردەی ئۆرگوای و یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی خەڵاتی باشترین یاریزانی مۆندیالی پێ بەخشرا و یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی بایەرن میونیخ مۆلەر خەڵاتی گۆڵکاری مۆندیالی پێ بەخشرا.





## تیپی رینۆ ناوەکەی گۆڕا

تیپی رینۆ، کە بەشداری لە پێشبڕکێی فۆرملا ون دەکات بڕیاری دا ناوەکەی لە تیپی رینۆ بۆ تیپی لۆتس رینۆ بگۆڕدرێت، دوای ئەوەی تیپی رینۆ گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیایەکی مالیزی تایبەتمەند بە دروستکردنی ئۆتۆمبێلی وەرزشی مۆر کرد.
ئەم ناوەی تیپی رینۆ دەبێتە سەرهێشە بۆ هەمووان، چونکە لە پێشبڕکێکانی فۆرملاون تیپێکی تر هەیە بە ناوی تیم لۆتس، کە بە هەمان شێوە کۆمپانیایەکی مالیزی سپۆنسەرە و کۆمپانیای رینۆ هاوکاری دەکات.



بۆبابەت و سەرنجەکانت پێوەندی بکە :     بەرپرسی فایلی وەرزش:  ئەحمەد عەزیز
Email: sport@gulan-media.com     rebin1985@yahoo.com
Mobile: 4480386